## شلێر قەدیمی:

# تابلۆکانم خۆش دەوێ وەک سۆزی دایک بۆ منداڵەکانی

شلێر لە وێنەکێشاندا شێوازێکی تایبەت بە خۆی هەیە. وەك خۆی باسیکرد، پتر لە ١٢ ساڵە لە سەر ئەو شێوازەی خۆی کاردەکات. باسی ئەوەش دەکات کە کورد رەنگی تایبەت بە خۆیان لە جیهانی وێنەکێشاندا هەیە. هەر لەو بارەیەوە دەڵێت: ئەگەر کەسێکی شارەزا سەیری رەنگی وێنەکان بکات، دەزانێت من زیاتر رەنگی کوردیم بەکار هێناوە.

شلێر سەرەڕای دەست و پەنجەی رەنگین و زەوق و سەلیقەی لە هەڵبژاردنی رەنگەکان و جگە لە دەرخستنی خەونەکانی منداڵ و ئافرەتان و کێشە و ئاریشەکانیان و بەرجەستەکردنی (بێدەسەڵاتکردنی ژن لە لایەن پیاوانەوە)، بایەخێکی زۆریشی بە پێکەوەژیان و لێبوردەیی کورد و جەژن و بۆنە نەتەوەییەکانی کورد داوە. ئاگر و نەورۆز و رەشبەڵەك لە تابلۆکانیدا رەنگی داوەتەوە. گەرچی تابلۆکانی زۆر جار لە پێشانگەکان فرۆشتووە و نرخی لەسەر داناوە، بەڵام جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنیا (تابلۆی دایك) نرخی لەسەر دانەناوە، لە بەر ئەوەی ئامادە نییە بە هیچ نرخێك بیفرۆشێت. هەر لەوبارەیەوە دەڵێت: من هەموو تابلۆکانم خۆش دەوێ، وەك سۆزی دایك بۆ منداڵەکانی کە هیچ جیاوازییەکیان بۆی نییە، هەر گەورەیی دایکیشە وایکردووە من ئامادە نیم یەکێك لە تابلۆکانم کە ناوی (تابلۆی دایك)ە بە هیچ نرخێك بیفرۆشم.

لە یەکێك لە تابلۆکانی ئەو خانمە هونەرمەندە، ئافرەتێك بە جلوبەرگی کوردی، بەڵام بێدەست و باڵ لە ناو هەمەرەنگییەکی کۆمەڵایەتیدا دەردەکەوێت، کە هێمایەکە بۆ بێدەسەڵاتی و چەوساوەیی ئافرەت لە کۆمەڵگەی کوردیدا. شلێر لەو بارەیەوە دەڵێت: بێدەسەڵاتی و بێدەسەڵاتکردنی ژن و پێشێلکردنی مافەکانیان شتێکی زەقە لە دنیای ئەمرۆماندا، ئەوەش کە زۆر جێی نیگەرانییە ئەوەیە کە خانمان خۆیانیش کەمتر هەوڵیان داوە بۆ ئەوەی لەو دۆخە نالەبارە خۆیان رزگار بکەن. بێگومان تا ژنان خۆیان هەوڵ نەدەن، هیچ شتێك لە هاوکێشەی لاسەنگی نەریتسالاری و پیاوسالاری ناگۆڕێت.

سەبارەت بە توانای ئافرەتیش لە بواری هونەری وتی: کچان هەستیان ناسکترە، زۆر بە وردی لە سەر خێزان بیر دەکەنەوە، گەورەترین هێزیان دایکایەتی و پەروەردەی نەوەکانی دوارۆژە، لە شیعر و مۆسیقا و وێنەکێشانیش هیچیان لە پیاوان کەمتر نییە و بگرە زۆر بەهرەمەندترن، بە مەرجێك رێگرییان لێ نەکەن. بۆ نموونە خانەوادەی من هەمیشە پشتیوان و هاندەرم بوون و لەم بواری خوێندن و تێکەڵبوون بە جیهانی هونەریش هەمیشە مایەی پشتگەرمی و بەردامبوونم بوون.

سەبارەت بە فرۆشی تابلۆکانی و چۆنیەتی پێشوازیی خەڵکی هەولێر لە بەرهەمەکانی لەو پیشانگەیەی گەلەری شانەدەر وتی: نرخی تابلۆکانم لە پیشانگەکانی دیکەم، دوو تا سێ هەزار دۆلار بووە، بەڵام لە بەر ئەوەی یەکەم جارە دێمە باشووری کوردستان و خەڵکی ئێرە زۆر خۆشەویستن بۆم، نرخی زۆر کەمم لە سەر تابلۆکانم داناوە و لە ٢٠٠ دۆلار تێنەپەڕیوە، کەسیش کڕیاری نەبوو. ئەوەش بە لامەوە زۆر جێی نیگەرانی نییە، بەڵام بەوە زۆر خەمبار بووم کە مامۆستا و قوتابییەکانی پەیمانگە و زانکۆ لە بەشی هونەر و وێنەکێشان سەردانیان نەکرد. هەروەها بینەران زۆربەیان هەموو تابلۆکانیان لە چەند چرکەدا سەیر دەکرد و کەمتر کەسێکم بینی لە سەر تابلۆکان بوەستێت، یان بیری لێ بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئەو تابلۆیە هەڵگری چ پەیامێکە.

شلێر پێیوایە هونەر و کەلتوور سامانی گەورەی هەر نەتەوەیەکە و لە کار و بەرهەمەکانی خۆیشیدا بایەخێکی زۆری بە هێما



**شـــلێر قەدیمی خانمـــە هونەرمەندی شـــێوەکار، لە شـــاری (ســـەقز)ی ڕۆژهەڵاتی کوردســـتان لەدایکبووە. زانکۆی هونەرە جوانەکانی لە شاری (تەورێز)ـــی ئێران تەواو کـــردووە. تا ئێستا ســـێ پێشـــانگەی هاوبەش و پێنج پیشانگەی تایبەتی کردووەتەوە کە دواجاریان لـــە گەلەری پارکی شـــانەدەری هەولێر بـــوو کە ٢٤ تابلۆی خۆی بۆ ماوەی شـــەش ڕۆژ نمایش کرد.**

نەتەوەیـــی و کەلتوورییەکانی کورد و جل و بەرگی کوردی داوە.

لەگەڵ ئەوەشـــدا پێیوایە هونـــەر نابێت بخرێتە خزمەت سیاسەت و نابێت هونەرمەند خۆی بە حزبێك، یان بە دەسەڵاتێکەوە ببەستێتەوە.

لە وەڵامی ئەو پرسیارەشـــدا کە ئایا لە ئێران کۆسپ و بەربەســـت بۆ کارەکانی دروست ناکرێت، کە هەڵگری پەیامی نەتەوەیی و کەلتـــووری کوردیین. وتی: نەخێر، ئێمە کاری سیاســـی ناکەین و تەنیا فەرهەنگ و کەلتوور و ڕەسەنییەتی نەتەوەییمان بەرجەستە دەکەین، ئازادانەش ئەوانە لە تابلۆکان دەنەخشێنین و لە پێشانگەکانی ئێرانیش نمایش دەکرێن، واتە لەو بوارەدا ڕێگری ناکەن.

شـــلێر قەدیمـــی لە کۆتایی قســـەکانیدا سپاســـی بەڕێوەبـــەری گەلەری شـــانەدەری کرد و وتی: بەڕێز کاك هاوکار ڕســـکن هـــاوکاری زۆری کردم، ئەرکی دابینکردنی شوێن و ڕێکلامی لە ئەســـتۆ گرت. بەڕێزیـــان ڕۆحێکی هونەرپەروەریـــان هەیـــە و هیـــوادارم نموونەیان زۆر بێت، بۆ ئەوەی بتوانین خزمەتی زیاتـــر بە کەلتوور و هونەری کوردیمان بکەین.



## سونجول سەردانی پزیشکی دەروونی دەکات

کاتێك خانمە ئەکتەری تورکی سونجول لە نۆرینگەی پزیشکێکی دەروونی لە ناوچەی ئەرنائۆت کوی دەهاتە خوارەوە، وێنەگرانی باباراتزی چەند وێنەیەکیان گرت و چەند پرسیارێکیان ئاراستە کرد، بەڵام ئەو زۆر بە پەلە خۆی گەیاندە ئۆتۆمبێلەکەی و ئامادە نەبوو وەڵامی پرسیاری کەس بداتەوە.

رۆژنامەنووسان هەوڵیاندا هۆکاری سەردانی ئەو پزیشکە دەروونییە بزانن، چونکە ماوەیەکە بە چەند گرفتێکدا تێپەڕ دەبێت لە بواری خێزانی و کارکردنیشەوە، بەتایبەتی دوای ونبوونی بۆ ماوەیەکی زۆر و گەڕانەوەی لە زنجیرە درامایەکی نوێ کە لە کاتی وێنەگرتنیدا گشت کامێرا سەرەکییەکانیان دزران و ناچار بوون بۆ ماوەیەك وێنەگرتن رابگرن، لەلایەکی دیکەوە سونجول نوێنەرایەتیی وڵاتەکەی کرد لە هەڵمەتێکی پڕوپاگەندەی گەشتیاری بەتایبەتی بۆ شاری ئەستەنبول کە لە دوبەی ئەنجامدرا و لەم بارەیەوە خۆشحاڵیی خۆی دەربڕی بۆ نوێنەرایەتی کردنی تورکیا.

لەو زنجیرە نوێیەدا سونجول رۆڵی ئافرەتێکی بێوەژنی گەنج دەبینێت کە زۆر دڵسۆزە بۆ هاوسەرەکەی و ئامادە نییە جارێکی دیکە ژیانی هاوسەری پێك بهێنێتەوە، بەڵام لە کۆتاییدا بۆی دەردەکەوێت کە ژیانی هەمووی درۆ و خیانەت بوو و هاوسەرەکەی پەیوەندیی لەگەڵ ئافرەتێکی دیکەدا هەبووە و خاوەن منداڵیشە، بۆیە ئەم رووداوانە ژیانی بە تەواوی دەگۆڕن و رووبەڕووی چەند گرفتێکی کۆمەڵایەتیی دەکەنەوە.

## ئیلهام خەون بە درامای تورکییەوە دەبینێت

هەرچەندە خۆی یەکێکە لە پاڵەوانە بەردەوامەکانی زنجیرە دراماکانی کەنداو، بەڵام خانمە ئەکتەری ناوداری کوێتی ئیلهام ئەلفەزاڵە ئاشکرای کرد کە زۆر سەرسامە و خەون بە زنجیرە دراما تورکییەکانەوە دەبینێت و زۆر جار ئەوەی لە ژیانیدا پێویستی پێیەتی لە زنجیرەیەکدا دەیدۆزێتەوە.

ئەم لێدوانەی ئیلهام بووە مایەی رەخنە و سەرسامیی زۆر لە ئەکتەرە عەرەبەکان بەتایبەتی ئەکتەرانی وڵاتانی کەنداو، چونکە زۆربەیان بە توندی دژی نمایشکردنی زنجیرە دۆبلاژکراوە تورکی و بیانییەکانن، بەڵام ئیلهام زیاتر دەربارەی ئەم زنجیرە درامانە وتی: زنجیرە تورکییەکان لە ئاستێکی بەرزی هونەریدان، زنجیرەکان دەگەنە سەدان ئەڵقە، بەمەش لە یەك زنجیرە هەموو شتێکی ژیانت پێدەدات، هەموو ئەکتەرەکانی پیشەگەرن و چیرۆکەکانیشی زۆر واقعین، وێنەگرتنەکەشی جیاوازە.

ئیلهام هیوای خواست کە دەرفەتی بۆ بڕەخسێت بۆ ئەوەی لە زنجیرەیەکی تورکیدا بەشداری بکات و هەر لەو بارەیەوە وتی: زۆر هاوڕێم لە تورکیا هەیە و ئەگەر دەرفەتم بۆ بڕەخسێت بۆ بەشداریکردن لە هەر زنجیرەیەکی تورکی کە پەیامێکی روونی هەبێت و خزمەت بە کاروانی هونەریی خۆم و هونەر بە گشتی بکات، ئەوا دوودڵ نابم لە بەشداریکردن

ئیلهام ئەوەشی روونکردەوە کە ئێستا سەرقاڵی فێربوونی زمانی تورکییە، ئەمەش ئاماژەیەکی روونە بۆ ئەوەی کە بە نیازە لە زنجیرە درامایەکی تورکیدا بەشداری بکات.





# فیدیا دکتۆرایەکی فەخری بەدەستهێنا

لە میانـــەی ئاهەنگەکانی دەرچوونی قوتابیانـــی زانکۆی (رای) لە شـــاری ئەحمەد ئابادی هیندی، زانکۆکە بڕیاریدا بڕوانامەیەی دکتۆرای فەخری پێشکەش بە خانمە ئەکتەری هیندی فیدیا بالان بکات وەك رێزلێنانێك بـــۆ رۆڵی دیار و بەرچاوی ئەم خانمە ئەکتەرە لە ســـینەمای هیندیدا و ئەو رۆڵە بەهێزە و بێوێنانەی لە بۆڵیۆد پێشکەشی کردوون.

زانکۆی ناوبرا لە بەیاننامەیەکدا کە رۆژنامەی Times of India بـــڵاوی کـــردەوە، رایگەیاند کە بڕیاریداوە دکتۆرایەکی فەخری پێشکەش بە فیدیانا بکات لەگەڵ پلەیەکی زانستی بۆ بەشـــداری کردنی بێ وێنەی لە پیشەسازیی سینەمای هیندی و هەوڵدانـــی بۆ بەرزکردنەوەی زیاتـــری دەنگـــی ئافرەت لە وڵاتەکەی و رێگەخۆشـــکردن بۆ ئـــەوەی رۆڵی بەرچاوی لە گشـــت جومگەکانـــی ژیان لە هیندستاندا هەبێت.

هـــەر لەم بارەیـــەوە هاربین ئۆرورا راوێژکار لـــە زانکۆی رای جەختی لەوە کـــردەوە کە فیلمەکانی فیدا زۆر کـــۆت و بەندی قەدەغەکراوی ســـەر کۆمەڵگەیان نەك تەنیا لە هیندســـتان، بەڵکو لە سەرتاســـەری جیهان شکاندووە.

وتیشـــی: فیدیا وەك ســـیمبولێك وایە بۆ هەمـــوو ئافرەتانی جیهـــان، بۆیە کاتی ئەوە هاتووە کە هەموو لایەکمان دان بە بەشـــداریی کاریگەریی ئەم ئافرەتە لـــە کارە هونەرییەکاندا بنێین کە لە گۆڕینی دابونەریتە باوەکان لە جیهاندا کاریگەری هەبووە.

لە لایەکی دیکەوە فیدیا رۆڵی ســـەرەکی دەبینێت لە فیلمـــی (هاماری ئەدهوری کاهانی) لەگەڵ هەریەك لە عیمران هاشـــمی و راجکومـــار راو کە لە دەرهێنانی موحیت سوورییە.

## هادی مەحمود (عەریف حەمە تاڵ):

# هونەرمەند ناتوانێت لە ڕێگای هونەرەوە بژێوی ژیانی دابین بکات

هادی مەحمود لە دیمانەیەکدا باس لەوە دەکات کە سەرەڕای بلیمەتی و توانایی، بەڵام لە ڕۆڵێکی دیاریکراودا سەرکەوتن بەدەست دەهێنێت و لەم بارەیەوە دەڵێت: من یەکێکم لەو هونەرمەندانەی کە خۆشەویستیم بۆ هونەر بێ سنوورە و بەشداریم لە زۆر کاری هونەریدا کردووە، بەڵام لە دوای بەشداریکردنم لە زنجیرە درامای (گەردەلوول) زیاتر ناسرام. دەتوانم بڵێم دوای ئەوەی سیناریست و دەرهێنەر جەلیل زەنگەنە ڕۆڵی عەریف حەمەتاڵی پێ سپاردم، دەرگاکان لە بەردەمم زیاتر کرانەوە، چونکە ئەوەی سەیری زنجیرەکەی کردبێت، بێگومان کەسایەتیی (حەمە تاڵ) کاریگەریی تێکردووە و دەیناسێت، ئەو کارە دراماییانەی کە بەشداریم تیادا کردووە هێندەی زنجیرە درامای گەردەلوول لەلای خەڵك نەیناساندووم. بەشداریکردنیشم لەو زنجیرەیە بەو شێوەیە بوو کاتێك مامۆستا جەلیل هەستی بەوە کرد کە من دەتوانم ڕۆڵی (حەمە تاڵ) ببینم و ئەوەی ئەو دەیویست لەو ڕۆڵەدا دەیزانی من دەتوانم بە باشی بیبینم ئەو ڕۆڵەی بە من سپارد و دوای ئەنجامدانی تێست لە نزیکەوە منی بینی متمانەی زیاتری خۆی پێ بەخشیم و ئیدی ئەو ڕۆڵە بە من سپێردرا.

کارکردن لەگەڵ هونەرمەندە بەئەزموونەکان و ئەوانەی چەندین ساڵە لە بواری نواندن کار دەکەن، وا لە هونەرمەند دەکات کە زیاتر خۆی ماندوو بکات و سوود لە ئەزموون و شارەزاییان وەربگرێت. لەم بارەیەوە هادی مەحمود دەڵێ: بێگومان کارکردن لەگەڵ هونەرمەندە بە ئەزموونەکان مایەی شانازییە و وا لە هونەرمەندان دەکات متمانەی زیاتریان بە خۆیان هەبێت، من هەست بە ئارامی و لە هەمان کاتدا هەست بە شانازی دەکەم

کە لەگەڵ کەسانێکی بەئەزموون لە بواری کۆمیدیادا کار دەکەم، چونکە من زیاتر تایبەتمەندیی کۆمیدیام تێدایە و خۆم تێیدا زیاتر دەدۆزمەوە، دیارە کارکردن لەگەڵ هونەرمەندە بەئەزموونەکان وام لێدەکات هەست بە شانازی و خۆشحاڵیی بکەم.

هادی سەرکەوتنی هونەرمەندێك لە یەکەم کاریدا و بەشداریکردنی شان بە شانی لەگەڵ هونەرمەندە ناسراو و بەئەزموونەکان بە کارێکی زەحمەت دەزانێت و هەر لەو بارەیەوە دەڵێ: دەرکەوتنی هونەرمەند لە یەك کاردا زۆر بەدەگمەنە وبگرە زۆر زەحمەتیشە هونەرمەند هەبێت کە بتوانێت لەناکاو لە یەك کاردا زۆر بە زەقی دەربکەوێت و سەرکەوتنیش بەدەست بهێنێت لە هەمان کاتدا لە لایەن جەماوەریشەوە بناسرێت، بەڵام لەو ڕووە من خۆم بە بەختەوەر دەزانم و هەست دەکەم ئەمە بۆ من چانسێك بوو.

لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ئەوەی ئایا کۆمیدیا زیاتر بووە هۆی دەرکەوتن و ناسینی، یان زنجیرەی (گەردەلول) و ڕۆڵی حەمە تاڵ، هونەرمەند هادی مەحمود پێیوایە هیچ شتێك لە خۆڕا دەرناکەوێت و دەڵێ : لە ژیاندا هەموو شتێك بە تاقیکردنەوە دەردەکەوێت و ڕوون دەبێتەوە بۆ منیش بە



هەمان شـێوەیە بوو، چونکە من لەڕێی عەریف حەمەتاڵەوە دەرکەوتم و ناسرام و وەك وتم ئەو رۆڵە منی زیاتر بە جەماوەر ناسـاند و ئەگەر لـەو زنجیرەیە هەر رۆڵێکـی دیکەم پێ بسـپێردرابا مەرج نییە وەکو حەمە تاڵ دەرکەوتایە و تەنانەت ئەو سەرکەوتنەشی بەدەست هێنابا.

لە بـارەی ئامانجی لە رووکردنە بـواری هونەری نواندن و کاریگەریی لە سەر ژیانی ئەو کەسانەی روو لەم بوارە دەکەن و ئایا لە هیچ کارێکدا بەشـداری کردووە دواتر پەشـیمان بووبێتـەوە، هـادی مەحمود دەڵێ: ئێسـتا شـێوەی ژیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، ئەوەی لە ساڵانی هەشتاکان و نەوەدەکانی سەدەی رابردوو هونەرمەندان لە پێناو هونەرەکەی خۆیان ئەنجامیان دەدا، رەنگە ئێسـتا نەتوانن ئەمە دووبارە بکەنەوە، چونکە ئەو کات هونەر بۆ بژێوی نەبوو، زیاتر حەز بوو، هەروەها بە ئەرکێکی نیشتمانی و نەتەوەیی دەزانرا، کەس چاوی لەوە نەبوو لە رێگەی هونەرەوە بژی، بەڵام ئێسـتاش وەکو دەبینیـن هونەر نەبۆتە سـەرچاوەی ژیان ئەگەرچی هونەرمەند دەتوانێت بەشـێکی زۆر کەمی بژێوی ژیانی لە رێگەی هونەرەوە دابین بکات، بۆ نموونە بەشداری لە زنجیرە درامایەکـدا دەکەیت کە جگە لە بـڕە پارەیەکی کەم هیچی دیکە وەرناگریت و کاتێك زنجیرە دراماکەش پەخش کرا، ئیتر کـەس ئاوڕت لێ ناداتەوە. من خۆم لە زۆربەی کارەکاندا بە گرێبەست کارم کردووە، ئەو کارانەی بەشداریم تێیدا کردووە، هەمان بە حەز و ویسـتی خۆم بووە، بۆیە تا ئێستا لە هیچ کارێکی هونەریدا پەشیمان نیم کە رۆڵم تێیدا بینیبێت.

لە بارەی جیاوازیی نواندن لە شانۆ و درامادا هادی مەحمود پێیوایە هەر هونەرمەندێك لە بوارێکدا دەتوانێت سـەرکەوتوو بێـت، هاوکات دەڵێ: بە حوکمی ئەوەی زیاتر بەشـداریم لە درامادا کردووە، ئەزموونم لە بواری شـانۆدا نییە، لە شانۆدا وەك دراما سـەرکەوتوو نابم و لە لایەن جەماوەریشـەوە بەو شێوەیەی ئێستا ناسراو نەدەبووم.

لە بارەی دوایین کاری هونەری خۆیشـی هونەرمەند هـادی مەحمود دەڵێ: ئێسـتا سـەرقاڵی زنجیـرە درامایەکم کە لە (٣٠) ئەڵقە پێکدێت بە ناوی خەندە و بزەیە و لـە دەرهێنانی هونەرمەند بەکر رەشیدە و بەرهەمـی کەناڵی (کوردماکس)ـە و ژمارەیەك هونەرمەندی بەئەزموونی هەولێر و سلێمانی تیایدا بەشدارن و وا بڕیـارە بۆ مانگی رەمەزان پەخش بکرێت.



**سلێمانی ئەو شارەیە کە هەمیشە بزاڤی هونەری نواندن تێیدا لە برەودا بووە و بە سەدان هونەرمەند لە قۆناغە جیاجیاکان لەم شـارەدا هەڵکەوتوون و لە بواری شـانۆ و دراما و سـینەما خزمەتیان بە هونەری کوردی کردووە، هەندێکیان بە شێوەیەکی ئەکادیمی قۆناغەکانی خوێندنیان لە بواری هونەری تەواو کرد، هەندێکی دیکەشیان ئەگەرچی خۆشەویستییان بۆ هونەر بێ سنوور بوو، بەڵام رۆژگار بووەتە بەربەست لەبەردەمیان بۆ ئەوەی بە ئەکادیمییەوە بێنە نێو بوارەکە، هونەرمەند (هادی مەحمود)یش یەکێکە لەوانە، ئەو لە گەڕەکی سـابوونکەران لە شاری سـلێمانی لەدایکبووە، بەهۆی بارودۆخی ئەو کاتەی سـلێمانی و کوردستان تەنیا تا پۆلی دووی ناوەندی خوێندووە و دواتر نەیتوانیـوە درێژە بە خوێندن بدات، ئەگەر چی تەمەنی هونەریی زۆر درێژ نییە و بۆ یەکەم جار لەساڵی ١٩٩٧ هاتۆتە ناو بواری نواندنەوە، بەڵام سەرکەوتووانە لە چەندین کاری هونەریدا بەشـداری کردووە، لەوانە فیلمی (ژیانی حەسـەن زیـرەك و زنجیرە درامای گەردەلوول و زنجیرە درامای رۆژگارە تەریبەکان). لە «گەردەلول» زیاتر ناسـرا لەلایەن جەماوەرەوە، دوای نواندنی ڕۆڵی (عەریف حەمە تاڵ)، هادی مەحمود ئێستاش لە بواری نواندن بەردەوامە.**